**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسیی**
**ئە نجومەنی کۆمسیاران**
**ژمارە :** 22 **لە** 2015/5/6

**پاڵپشت بەبڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (16) لەیاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی ژمارە (4)ی ساڵی 2014، بڕیارماندا ئەم پەیڕەوەی لای خوارەوە دەربکەین:**

**پەیڕەوی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2015**

**پەیڕەوی ناوخۆی ئە نجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسیی**

**ماددەی یەکەم:**

**ئەنجومەنی کۆمسیاران لە (9) ئەندام پێکدێت . ئەندامەکانی بەپێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی ژمارە (4)ی ساڵی 2014 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەنجومەن هەڵدەستێت بەسەر پەرشتی و چاودێری و بەدواداچوونی کاری کارگێڕی هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی لیژنە هەمیشەیی و کاتیەکان ، بەپێی یاسا کارو دەسەڵاتەکانی جێبەجێ دەکات، ئەنجومەن دەتوانێت بەپێی پێویست بەشێك لەدەسەڵاتەکانی بدات بە کارگێڕی هەڵبژاردنەکان.**

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم: ئەنجومەنی کۆمسیاران باڵاترین دەسەڵاتە لەکۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی**

**دووەم: بەرپرسیارێتی سەرۆك و جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجومەن لەبەردەم پەرلەماندا پێکەوەیی (تضامني) و کەسییە.**

**سێیەم: دوای سوێندخواردنی یاسایی، ئەندامانی ئەنجومەن لە ماوەیەك، کە لە (15) ڕۆژ زیاتر نەبێت، یەکەمین کۆبونەوەی خۆیان گرێدەدەن، کۆبونەوەکە بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام بەڕێوەدەبرێت و تێیدا سەرۆکی ئەنجومەن، جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، بڕیاردەری ئەنجومەن و سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردنەکان بەدەنگی زۆرینەی 3\2 ی ئەندامانی هەڵدەبژێرێت.**

**چوارەم: لەکاتی دەستلەکارکێشانەوەی هەر یەك لە(سەرۆکی ئەنجومەن، جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، بڕیاردەری ئەنجومەن و سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردنەکان) لەپۆستەکەی، دەبێت نوسراوێکی فەرمی سەبارەت بەوازهێنانی لەپۆستەکەی لەڕێگای سەرۆکی ئەنجومەنەوە ئاراستەی ئەنجومەن**

بکات ، بەمەرجێك لەوادەی (90) ڕۆژ پێش ڕۆژی دەنگدان و (60) ڕۆژ دوای ڕۆژی دەنگدان نەبێت. ئەوکات ، دەبێت زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن ڕەزامەندی لەسەر دەستلەکارکێشانەوەکەی بدات ، داواکاری وازهێنانەکە پاش (15) ڕۆژ کاری خۆی دەکات، ئەگەر کەسی دەستلەکارکێشاوە لەداواکەی پەشیمان نەبوویەوەو ئەنجومەنیش هیچ بڕیارێکی نەدا. دەبێت لەماوەی (15) ڕۆژدا پۆستەکەی بە یەکێك لەئەندامانی ئەنجومەن پڕبکرێتەوە، بەپێی بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە.

**پێنجەم**: کۆبونەوەکانی ئەنجومەن دوو جۆرن:

1- کۆبونەوە ئاساییەکان کە بەلانی کەمەوە لە مانگێکدا یەکجار ئەنجام دەدرێت.

2- کۆبونەوە نائاساییەکان ، کە لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەن یان سێ لەئەندامانی ئەنجومەن گرێدەدرێن، بەرنامەی کاریان (24) کاژێر پێش کۆبوونەوەکە دەگاتە ئەندامانی ئەنجومەن ، جگە لەو کۆبوونەوە نائاسییانەی کە کتوپڕ دێنەپێشەوە.

**شەشەم**: دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەن:

1- بەڕێوەبردنی کارە کارگێڕییەکان و ڕێکخستنەکانی ئەنجومەن.

2- ئامادەکردنی کارنامەی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن و گرێدان و سەرۆکایەتیکردنی.

3- بەڕێوەبردنی گفتوگۆ و پارێزگارییکردن لە ڕێکارەکانی.

4- بەدواداچوون بۆ کاروباری ئەو لیژنانەی، کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێکدەهێنرێت.

5- خستنەڕووی ئەو بابەتانەی، کە پێویستە لەلایەن ئەنجومەنەوە دەنگی لەسەر بدرێت و ئاشکرا کردنی ئەنجامەکانی.

6- نوێنەرایەتی کردنی فەرمیی کۆمسیۆن لەبەردەم لایەنە فەرمیەکان.

7- دەرکردنی ئەو پەیڕەوو ڕێکارو بڕیارانەی ، لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەند دەکرێت.

**حەوتەم**: لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی ئەنجومەندا ، جێگری سەرۆك شوێنەکەی دەگرێتەوەو هەمان دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەبێت.

**هەشتەم**: بەرنامەی دانیشتنە ئاساییەکانی ئەنجومەن بەر لە (48) کاژێر دەنێردرێت بۆ ئەندامانی ئەنجومەن .

**نۆیەم**:

1- کۆبونەوەی ئەنجومەن بەئامادە بوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی دروستە.

2- ئەنجومەن بۆی هەیە میوانداریی هەر فەرمانبەرێکی کۆمسیۆن بۆ کۆبونەوەکانی بکات.

**دەیەم:** ئەنجومەن بڕیاردەرێکی هەیە ، کە سەرپەرشتیی ڕێکخستن و ئامادەکردنی کۆنوس و بڕیارەکانی ئەنجومەن دەکات و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنیان دەکات.

**یازدەیەم:** ئەنجومەن کۆمسیارێك وەك وتەبێژی فەرمیی ئەنجومەن هەڵدەبژێرێت و ئەرکی گەیاندنی پەیامی فەرمیی کۆمسیۆن دەبێت بە میدیاکان بەشێوەیەکی شەفافانە.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** بڕیاردان لەناو ئەنجومەندا بەم سێ شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

1- ئەو بڕیارانەی ، پێویستی بەدەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی هەیە ، ئەمانە دەگرێتەوە:

( هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن،جێگری سەرۆکی ئەنجومەن،بڕیاردەری ئەنجومەن،سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردنەکان،بەرپرسی فەرمانگەی پارێزگاکان وبەڕێوەبەرەگشتیەکان(پۆستە باڵاکان))

2- ئەو بڕیارانەی، بەدەنگی زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن پەسەند دەکرێن، ئەمانە دەگرێتەوە: (پەسەند کردن و هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی کۆمسیاران و پەیڕەوی تایبەت بەدامەزراوەکانی کۆمسیۆن، کردنەوەو بەیەکەوە گرێدان و هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکان و بەشەکان و هۆبەکان ، دەرکردنی پەیڕەوەکان بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای کۆمسیۆن).

3- ئەو بڕیارانەی، بەدەنگی زۆرینەی ژمارەی ئەندامانی ئامادەبوو دەدرێن، کە بۆ حاڵەتێ بەدەر لە خاڵی (1، 2)ن، و لەحاڵەتی یەکسانی دەنگەکاندا، ئەو لایەنە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، کەدەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە.

**دووەم:** دەنگدان لەکۆبونەوەکانی ئەنجومەن بەئاشکرا دەبێت.

**سێیەم:** ئەگەر یەکێك لەئەندامان خۆپارێزیی هەبوو لەسەر بڕیارێکی ئەنجومەن، دەتوانێت خۆپارێزییەکەی بەنوسین پێشکەشی ئەنجومەن بکات و هاوپێچ بکرێت لەگەڵ کۆنوسی کۆبونەوەکەدا.

**چوارەم:** کۆنوسی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن لەتۆمارێکدا ڕێکدەخرێت، تێیدا بڕیارو گفتوگۆکان یاداشتدەکرێن و لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە واژۆ دەکرێن .

**پێنجەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە هەندێ لەئەرکەکانی خۆی بەسەرۆك بسپێرێت.

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم:** لە کاتی وازهێنانی ئەندامێکی ئەنجومەن لە ئەندامێتی، دەبێت نوسراوێکی فەرمی سەبارەت بەوازهێنانەکەی لەڕێگای سەرۆکی ئەنجومەنەوە ئاراستەی ئەنجومەن بکات.

**دووەم:** داوای وازهێنانەکە (دەست لەکارکێشانەوە) بۆ گفتوگۆ لەبارەیەوە لەیەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەندا کە دەخرێتەڕوو.

**سێهەم:** لەدوای (30) ڕۆژ لەبەرزکردنەوەی داواکە بۆ سەرۆکی ئەنجومەن، یان سپاردنی بەنوسینگەی سکرتاریەت ، وازهێنانەکە کاری خۆی دەکات ئەگەر داواکارەکە لەو ماوەیەدا پاشگەز نەبێتەوە

**چوارەم:** پاش تەواوبوونی ماوەی دەست لەکارکێشانەوەکە پێویستە ئەنجومەن لە ماوەی (15) ڕۆژدا سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە.

**ماددەی پێنجەم**

سەرۆك و جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجومەن لەکارکردن و بڕیاردانیاندا پابەندن بەیاساو پەیڕەوەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی و هەر یاسایەکی تری بەرکاری پەیوەندیدارەوە، بەپێچەوانەوە، ئەنجومەن بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی بەنوسراوی فەرمی پەرلەمان لەو حاڵەتە ئاگادار دەکاتەوە.

**ماددەی شەشەم**

**یەکەم:** هیچ کەسێك یان هێزێکی چەکدار بۆی نیە بێتە ناو کۆمسیۆنەوە یان نزیك بێتەوە لەدەروازەکانی، بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەن.

**دووەم:** هێنانە ژوورەوەی چەك و هەر ئامرازێکی تری بریندارکەر بۆ ناو کۆمسیۆن ڕێگەپێنەدراوە.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم :** ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆی هەیە لە ئەندامانی ئەنجومەن لیژنەی هەمیشەیی وکاتیی پێکبهێنێت ، بەمەرجێ بوارەکانی پسپۆری وئەرکەکانیان ڕەچاوبکات.

**دووەم :** لیژنەکان بۆیان هەیە راوێژ بە کەسانی شارەزاو پسپۆر بکەن و فەرمانبەرانی کۆمسیۆنیش بەپێی پسپۆرییان بکەن بە ئەندام لە لیژنەکاندا.

**ماددەی هەشتەم:**

دەبێت ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران و فەرمانبەرانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی . تواناکانیان بۆ کاری کۆمسیۆن تەرخان بکەن .

**ماددەی نۆیەم:**

ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردنەوەی ئەو پەیرەو ڕێکارانە بکەن، کە لەلایەن ئەنجومەنەوە دەردەکرێن، پێشنیازکردنەکە لەرێی پێشکەشکردنی یاداشتێك بە ئەنجومەنی کۆمسیاران دەبێت ، هەموارکردنەوەکەش بەندە بە ڕەزامەندنی زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنەوە.

**ماددەی دەیەم :**

کۆمسیار نوسینگەیەکی دەبێت ، کە فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات ، کە لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمەو چەند فەرمانبەرێکیش یارمەتی دەدەن.

**ماددەی یازدەیەم :**

ئەنجومەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی دەبێت و فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەیدەبات ، کە لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیە.

**ماددەی دوازدەیەم :**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان لەم بەشانە پێکدێت.

**یەکەم:**

1- بەشی کاروباری ئەنجومەن کە لەم هۆبانە پێکدێت:

أ- هۆبەی کاروباری یاسایی.

ب-هۆبەی کاروباری کارگێڕیی.

ج- هۆبەی کۆنوس و بڕیارەکان.

د- هۆبەی ڕاپۆرت و بەدواداچوون.

هـ- هۆبەی وەرگێڕان و ڕێوڕەسم.

2- بەشی کاروباری ئەنجومەن ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:

أ- پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاسایی بۆ ئەنجومەن، سەبارەت بەو کاروبارانەی ئەنجومەن کە پێی دەسپێردرێت.

ب- بەڕێکردنی کاروبارە کارگێڕیەکانی ئەنجومەن.

ج- هەماهەنگی لەنێوان نوسینگەکانی کۆمسیاراندا.

د- ئامادەکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەن و ئەرشیفکردنیان.

هـ- بەدواداچونی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بڕیاردەری ئەنجومەن.

و- وەرگێڕانی هەموو دەقنامە و کاروبارە پێویستەکانی ئەنجومەن.

دووەم:

1- بەشی چاودێریی و وردبینی دارایی ناوخۆیی ، کە لەم هۆیانە پێکدێت:

أ- هۆبەی چاودێریی و وردبینی ناوخۆیی بۆ کاروباری پارێزگاکان.

ب- هۆبەی چاودێریی و وردبینی ناوخۆیی بۆ کاروباری هەرێم.

ج- هۆبەی چاودێریی و وردبینی ناوخۆیی بۆ کاروباری کارگێڕیی.

د- هۆبەی چاودێریی و وردبینی ناوخۆیی بۆ کاروباری گەنجینەو کۆگاکان.

2- بەشی چاودێریی و وردبینی دارایی ناوخۆیی ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:

أ- بەدواداچوون و وردبینیکردنی چالاکیە کارگێڕی و داراییەکانی نوسینگەی هەرێم، پارێزگاکان و گەنجینەو کۆگاکان.

ب- پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و پێشنیازو ڕاسپاردە بەئەنجومەن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوون و پێشخستنی کارەکانی لەڕوی کارگێڕیی و داراییەوە بەشێوەیەکی مانگانەو لەکاتی پێویستدا.

ج- بەدواداچوونی ڕاپۆرتە جیاجیاکان کە ئاراستەیدەکرێن.

د- وردبینیکردنی سەرجەم گرێبەستەکان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی پێویست بەئەنجومەن لەو بارەیەوە.

**ماددەی سێزدەیەم :**

پەیوەندیی کارگێڕی هەڵبژاردن بەئەنجومەنی کۆمسیارانەوە بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم: کارگێڕیی هەڵبژاردنەکان دەزگایەکی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنە لەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی ، سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن سەرۆکایەتی دەکات و بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی کۆمسیاران ، پابەندە بەئامادەکردنی نەخشەو پلان و هەڵسوڕاندنی کاروباری پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی، دوای پێشکەشکردنی بەئەنجومەن و پەسەندکردنی .

دووەم: دەبێت سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن دوو هەفتە جارێك ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکانی پێشکەش بەئەنجومەن بکات.

سێیەم: ئەنجومەنی کۆمسیاران لەڕێگای سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردنەکانەوە لەگەڵ فەرمانگەکانی هەڵبژاردن دەدوێ .

**چوارەم: سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن پابەندە بەپێدانی هەر زانیاریی و داتاو بەڵگەنامەیەك بەئەندامانی ئەنجومەن .**

**ماددەی چواردەیەم:**

**یەکەم: ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران مووچەو دەرماڵەیان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت.**

**دووەم: فەرمانبەرانی کۆمسیۆن مووچەو دەرماڵەیان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت.**

**ماددەی پازدەهەم:**

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی کارەکانی شەفافانە بەپێی یاساو پێوەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان بەڕێوەدەبات، سەرجەم پەیڕەو و ڕێکارو بڕیارەکانی بڵاودەکاتەوە.**

**ماددەی شازدەیەم**

**ئەنجومەنی کۆمسیاران دوو جۆر یاداشت وەردەگرێت و دەیانخاتە بەرنامەی کارەوە:**

**یەکەم: یاداشتی ناوخۆیی، کە دوو جۆرن:**

**ئەو یاداشتانەی ، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە یان لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی دیوانەوە پێشکەشدەکرێن.**

**دووەم: یاداشتی دەرەکیی: کە ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:**

**1- ئەو یاداشتنانەی ، کە لەلایەن هەر کەس و قەوارەیەکەوە بێت و پێشکەشی ئەنجومەن دەکرێن و پەیوەستن بەپرۆسەی هەڵبژاردنەوە، ئەگەرچی سکاڵاو تانەش بن. ئەم یاداشتانەش بەپێی پەیوەندیان ئاراستەدەکرێن.**

**2- ئەو یاداشتانەی، کە ئەندامانی ئەنجومەن وەك کەسی فەرمیی وەریدەگرن، پێویستە پێشکەش بە ئەنجومەنی بکرێن.**

**3- نابێت هیچ یاداشتێك لەهەمان ڕۆژی وەرگرتنیدا لەکۆبونەوەی ئەنجومەندا بۆ لێکۆڵینەوەی بخرێتەڕوو، جگە لەو حاڵەتانە نەبێت، کەپەیوەندیان بەسەرپێچی وادەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، پرۆسەی ڕۆژی دەنگدان و جیاکردنەوەوە هەیە.**

**ماددەی حەڤدەیەم**

**ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا کاری پێدەکرێت.**

**هنــدرێن مــحمــد صــاڵح**
**ســەرۆکی ئە نجومەن**

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسیی**
**ئە نجومەنی کۆمسیاران**
**ژمارە :** 22 **لە** 2015/5/6

**پاڵپشت بەبڕگەی (دووەم)ی ماددەی (16) لەیاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی ژمارە (4)ی ساڵی 2014، بڕیارماندا ئەم پەیڕەوەی لای خوارەوە دەربکەین.**

**پەیڕەوی ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2015**
**پەیڕەوی ناوخۆی کارگێری هەڵبژاردن**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم: کارگێڕیی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیارێکەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، کە لە یەکەمیین کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆمسیاران بەدەنگی 2\3 ی ئەندامانی هەڵدەبژێردرێت.**

**دووەم: سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن دوو یاریدەدەری دەبێت بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی و بەم شێوەیە**

1- **یاریدەدەری سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن بۆ کاروباری هونەریی، کە بەدواداچوون بۆ کاروباری هونەری دەکات.**

2- **یاریدەدەری سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن بۆ کاروباری کارگێڕیی و دارایی کە بەدواداچوون بۆ کاروباری کارگێڕیی و دارایی دەکات.**

**سێیەم: لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن، ئەنجومەنی کۆمسیاران کۆمسیارێك ڕادەسپێرێت بۆ شوێنگرتنەوەی بەشێوەیەکی کاتیی.**

**ماددەی دووەم:**

**ئەرکەکانی سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردن**